# هاوڕەگەزبازی وەک دیاردەیەکی هاوبەش لەنێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانیتردا

## بەشی یەکەم



**د. سەلاحی گەرمیان/ سیدنی**

selah.germian@yahoo.com.au

بەر لە چوونە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکەوە پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت کە هاوڕەگەزبازی Homosexuality بە شێوەیەکی گشتی و لەکەلتورە جیاجیاکاندا و لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە وەک دیاردەیەکی قێزەوەن سەیرئەکرێت و زۆر کەسانیش هەن بێز لە باسکردنی ئەکەنەوە، تاڕادەی ئەوەی وەک تابو چاوی لێئەکرێت. بەڵام نابێت لە یادمان بچێت کە چاوپۆشین لە هەبوونی ئەو ڕاستییە و پشتگوێخستنی و دورکردنەوەی لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، بە هیچ شێوەیەک هەست و مەیلی هاوڕەگەزبازی لەلای ئەوانەی تیایاندا بوونی هەیە دانامرکێنێت و سنوربەندی ناکات. من دەرک بەو خولیا و پاڵنەرانە ئەکەم کە ڕەگوریشەی ئەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە کە بوونەتە بەربەست و ڕێگر لە ڕێی ئاوڕدانەوە لەم بابەتە، کە بمانەوێ و نەمانەوێت پەیوەندی بە هەر تاکێک لە ئێمەوە هەیە چونکە لە ناو کۆمەڵێکدا ئەژیین و ئەو کەسانەی مەیلی سێکسی هاوڕەگەزیان هەیە Gaysبەشێکن لەو کۆمەڵە. بۆیە لێرەدا بە گرنگی ئەزانم بێخەمە ژێر باسەوە و چەند تیشکێک لە ڕووی مێژووییەوە بخەمە سەری، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا زۆرێک لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و نوسینی تایبەت قورساییان خستەسەر و بایەخیاندا بەو دیاردەیە کە چیتر وەک دیاردەیەکی شەرمهێنەر و بە عەیبوعار و جێگای نەفرەتکردنی خەڵک نەماوە لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا و تەنانەت لە هەندێک لە وڵاتانەی لە قۆناغی گەشەکردندان، بەبەراوورد لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی کە بۆی ئەکرا لە ڕابوردوودا. تاوای لێهاتووە لە گەلێک لە وڵاتاندا بایەخی زیادی پێئەدرێت و مۆڵەتی کردنەوەی یانە و ڕێکخراوەی تایبەت بە

هاوڕەگەزبازان بە شێوەیەکی فەرمی ئەدرێت، تا ئەگاتە بەستنی کۆنفرانس و ئاهەنگێڕانی ساڵانە لە شارە گەورەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستراليا.

هاوڕەگەزبازی دیاردەیەکی کۆنە لەگەڵ بوونی مرۆڤدایە و لە نێرینە و مێینەدا هەیە. لەزۆرێک لە شارستانییە کۆنەکاندا هەبووە، وەک شارستانییەکانی میزۆپۆتامیا و میسری کۆن و چین و وڵاتی هیندستان و گریکدا. تێڕوانینی جۆراوجۆر بۆ دیاردەی هاوڕەگەزبازی ئەکرا لەو شارستی و کۆمەڵگە جیوازانەدا. بەڵام بەگشتی وەک دیاردەیەکی نەفرەتلێکراو و کردەوەیەکی قێزەوەن سەیرئەکرا بە تایبەت لەلایەن ئاینی ئیسلام و کریستیانەتی و جولەکەوە. مرۆڤی هاوڕەگەزباز لە کۆمەڵگەدا تا ئەمڕۆش بە چاوێکی سوک و بێ بایەخ سەیرئەکریت و بەردەوام بێڕیزی و گاڵتەی پیئەکرێت و نوکتەی ناشیاوی بەسەردا هەڵئەدرێت و لەهیچ کۆڕ وکۆمەڵێکدا پێشوازی لێناکرێت و بیروڕای بەهەند وەرناگیرێت چونکە وەک مرۆڤێکی ناشروست و لادەر لە بنەماکانی کۆمەڵ چاوی لیئەکرێت. بۆیە بە هۆی ئەو تێڕوانینەوە، بە مامەڵەی ناشیاو و توندەوە ڕوبەڕوویان ئەبنەوە، هاوڕەگەزبازەکان بەزۆری هەستی ڕاستەقینەی خۆیان ئەشارنەوە و باناچاری ملکەچی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی باوی سەردەم ئەبن و بەناچاری ملئەدەنە پەیوەندی هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەگەزی تردا و پێچەوانەی مەیل و ئارەزەووی ڕاستەقینەی خۆیان پێشانئەدەن.

لە زۆرێک لەوڵاتاندا هاوڕەگەزبازان دووچاری ستەمکاری و توندوتیژی بونەتەوە تا ڕادەی قڕکردنیان، هەروەک لە ئەڵمانیا و ئەو وڵاتانەی کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی نازییەکانەوە لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا، کاتێک نازییەکان شاڵاوی هۆلۆکۆستیان بەرپاکرد و لەپاڵ جولەکە و قەرەج و کۆمۆنیستەکاندا، هاوڕەگەزبازەکانیش بونە قوربانی تیایدا. لەسەردەمی ئێستاشدا چەندین وڵات سزای مردن دەدات بەسەر ئەوانەی هاوڕەگەزبازی ئەکەن لە نموونەی ئێران و عەرەبستانی سعودی.

لە کوردستاندا، مرۆڤی هاوڕەگەزباز یان هەرکەسێکی تر کردەوە و هەڵسوکەوتی لە ڕەگەزەی خۆی جیاواز بێت و مەیلی ڕەگەزەکەی تر بکات ڕوبەڕووی ناو و ناتۆرە و تانوتی جۆراوجۆر ئەبێتەوە کە زۆرمان بە هۆی باوبوونیانەوە لەناو کۆمەڵدا ئاشنایین پێیان. بۆ نموونە وشەی هەتیوباز و منداڵباز بۆ کەسی "بکەر" و وشەی هەتیو و (...دەر) بۆ کەسی "بدەر" بەکار ئەهێنرێن. ئەم ناولێنانە Labeling زۆر باوە و لە چۆنێتی هەڵسوکەوت و دیمەنی دەرەوەی تاکەکان سەرچاوە ئەگرێت و هەروەها مەبەستی سوکایەتیکردن و بێڕێزی بەو کەسانە ئەگەیەنێت و ئەوەش دەرئەخات کەتا چ ڕادەیەک کۆمەڵ ئەو جۆرە کەسانە لە ریزەکانی خۆی دورئەخاتەوە و هەوڵی پەراوێزکردنیان

ئەدات. ئەگەر بێت و کەسی هاوڕەگەزباز بەتایبەتی ئەگەر نێگەتیف "بدەر" بێت لە لای کەسوکاری و دەوروبەرەکەی دەرکەوێت و پێبزانرێت، ئەوا سەرشۆڕی و عەیبوعارێکی گەورەیە و زۆرجاریش ڕووداوی گەورەی لێئەکەوێتەوە و ئەو کەسە ئەبێتە قوربانی بەدەستی کەسوکاری. دیارە بە هۆی پیاو سالاری و نایەکسانی نێوان ژن و پیاودا لە کۆمەڵی ڕۆژهەلاتیدا، دیاردەی هاوڕەگەزبازی نێوان ژنان زیاتر پەردەپۆشکراوە و بەدەگمەن زانیاری لەسەر هەیە و باسی لێوەئەکرێت. ئەمانەش هۆکاری سەرەکین بۆ نەبوونی ئامارێکی وورد لە بارەی ڕێژەی هاوڕەگەزبازەکانەوە نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکو لە وڵاتانی ڕۆژئاو و لەسەر ئاستی جیهانیشدا ئاماری وورد لەبەردەستدا نییە. بەڵام بە پێی مەزەندەکردنی چەند سەرچاوەیەکی زانستی، ڕێژەی ئەوانەی کە کاری هاوڕەگەزبازییان بۆ یەکجاریش بێت لە ژیاندا ئەنجامداوە 10% یە لە سەر ئاستی جیهاندا. بەڵام سەرچاوەی تر هەن ئەو ڕێژەیە بەدور لە ڕاستییەوە ئەبینن پێیانوایە لە هاوڕەگەزبازەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ڕێژەی هاوڕەگەزبازی لە ژێر 5% دایە و ڕێژەی هاورەگەزبازە ڕاستەقینەکان لە 2% دا تێپەڕناکات.

یەکەم پرسیار بە بیردا بێت لەبارەی هاوڕەگەزبازییەوە ئەوەیە: چۆن مەیلی هاوڕەگەزبازی لە مرۆڤدا سەرهەڵئەدات؟ پێموایە لە چوارچێوەی پرسیارەکەدا جۆرە حکومدانێک هەیە کە هاوڕەگەزبازی دیاردەیەکە کۆمەڵێک هۆکاری لە پشتەوەیە و شلەژانێ هەڵسوکەتە لە لای ئەو جۆرە مرۆڤانە و پێویستی بە ڕاڤەکردن و گەڕان بەدوای هۆکارەکانیدا هەیە. لە کاتێکدا بەپێی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکانی ئەم سالانەی دواییدا دەرکەوتووە کە هاوڕەگەزبازی حالەتێکی سایکۆلۆجی و نادروست نییە و کەسی هاوڕەگەزباز هیچ پێویستییەکی بە چارەسەر لە لایەن دەروونناس و پزیشکی تایبەتەوە نییە، مەگەر دووچاری حالەتی دەروونی لە شیوەی دڵەڕاوکی و خەمۆکی بێت کە بەهۆی تێڕوانینی خەڵک بە چاوی سوک و بێڕێزییەوە بۆی تیایدا دەرئەکەوێت. بەڵام لە کۆتایی سالانی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا و لە چوارچێوەی پرۆژەیەک کە چوار ساڵی خایاند، لە لایەن ٣١ زانای دەروناسییەوە (لە نیوانیاندا چەند هاوڕەگەزباز هەبوون) ئەنجامدرا، دەرکەوت کە هیچ پەیوەندییەک نیە لە نێوان هاوڕەگەزبازی و کێشە دەروونییەکاندا و گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە زۆربەی هاوڕەگەزبازەکان هیچ هەڵسوکەوتێکی نادروست و نامۆیان لا دەرناکەوێت و کاری ناڕەوا و جێ ڕیسواییان لێ ناوەشێتەوە، بەڵکو هاوشیوەی تاکەکانی تری کۆمەڵن لە زۆر ڕووەوە.

ڕابەری دەروونشیکاری سیگمۆند فرۆید لەم بارەیەوە ئەڵێت:

"به دڵنیاییەوە هاوڕەگەزبازی تایبەتمەندییەکی جێگای سەرنج نییە، بەڵام حاڵەتێکیش نییە کە جێگای شەرم و سەرشۆڕی بێت و ناکرێتیش بیخەینە خانەی نەخۆشییەکانەوە. ئێمە وەک جیوازییەک لە کاری سێکسیدا دایئەنێین کە بە هۆی چەپاندنی گەشەی سێکسی ڕووئەدات. زۆر لە گەورە ناوداران و کەسانی مەزن لە سەردەمی کۆن و نوێدا هاوڕەگەزبازبوون لەوانە: ئیفلاتوون، مایکل ئەنجیلۆ، لیوناردو داڤینشی و چەندینی تریش."

بێجگە لەوانەی فرۆید ناویانی هێناون، ئەدیبی بە ناوبانگی ئینگلیز ئوسکار وایڵد، ئەدیبی فەرەنسی مارسیل بروست، شاعیری ناسراوی فەرەنسی ئارتور ڕامبۆ، شاعیری ئیسپانی فیردریکۆ لۆرکا، میوزیشنی بەناوبانگی ڕوسی چایکۆفسکی و هونەرمەندی ئینگلیزی ناودار ئەلتن جۆن، هەموویان هاوڕەگەزباز بوون.

پێویستە هەر لەمبارەیەوە باس لەو ڕەهەند و کارتێکردنانە بکەین کە ئەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی مەیل و ئارەزووکردنی مرۆڤ بۆ ڕەگەزەکەی خۆی نەک ڕەگەزی جیاواز، کە ئەمەش هەڵسوکەوتی سێکسی تاکەکەس دیاری ئەکات. بۆیە توێژنەوەی زۆر ئەنجامدراوە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو ڕەهەندانە کە ڕێی تێئەچێت برێتی بن لە کۆمەڵێک ڕەهەندی فیسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و ژینگەیی کۆمەڵایەتی. ڕەهەندە فیسیۆلۆجییەکان پێئەچێت زیاتر پەیوەندی بە پێکهاتەی مێشک و هۆرمۆنەکانەوە هەبێت. سەبارەت بە ڕەهەندە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکان، تا ئێستا بەڕوونی دەرنەکەوتوون سەرباری چەندین توژێنەوەی زانیستی لە بارەیانەوە. بەڵام چەند دیراسەتێکی سایکۆلۆجی، هاوڕەگەز بازی ئەگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری پەیوەند بە نەستی مرۆڤەوە. ئەمانەی خۆراوە چەند هۆکارێکن لەوانە:

- کاتێک مرۆڤ لە منداڵیدا بێ بەزییانە لە لایەن دایک و باوکەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکرێت و دووچاری مامەڵەی توندوتیژ ئەبێت، لە ئەنجامدا بەدوای ئەو سۆز و خۆشەویستییەدا کە لێی بێبەشکراوە ئەگەڕێت لەلای هەرکەسێکی تر چ لە هاوڕێ نزیکەکانی یان کەسانی تری دەوروبەری لە هاوکار و هاوپێشەکانی.
- کاتێک مرۆڤ لە منداڵیدا دەستدرێژی سێکسی ئەکرێتە سەر، ئەم حاڵەتە وا لەو کەسە ئەکات توشی داخراوەیی و گۆشەگیری بێت، یانیش یەکبوون لەگەڵ کەسی دەستدرێژیکەر و نزیکبوونەوە لێی و گرێدانی پەیوەندی زیاتر لە نیوانیاندا. هەندێک توێژینەوەش جەخت لەسەر پەیوەندی مەیلی سێکسی بە یەکەم ئەزموونی مرۆڤەوە ئەکەن. بەڵام سەبارەت بە کچان حاڵەتەکە جیاوازە، چونکە کچ کە دەستدرێژی سێکسی ئەکرێتە سەری، توشی تۆقاندن ئەبێت کە ئەبێتە هۆی ئەوەی ڕقی لە هەموو پیاوێک ببێتەوە.

- لەوانەیە کەسانێک چێژ لە هاوڕەگەزبازی وەرگرن کاتێک هەست بەو چێژە ناکەن لە ڕەگەزی جیاوازدا، واتا کاتێک مرۆڤ لە ئەزموونی سێکسیدا توشی کەسێکی ساردوسڕ لە سێکسدا ئەبێت و ئارەزووی سێکسی تێر نابێت.
- حاڵەتی چەپاندن لە ئەنجامی ڕێ نەدان بەتێکەڵاوبوونی هەردوو ڕەگەز لە کۆمەڵگە خێڵەکی و ئاینییە داخراوەکاندا. سەرەڕای ئەوەی هاوڕەگەزبازی بەڕواڵەت وەک شتێکی نەفرەتلێکراو دەبینرێت و بەهەموو جۆرێک دژایەتی ئەکرێت، بەڵام ئەو دیاردەیە لەو جۆرە کۆمەلگەیانەدا زیاتر بڵاوە.

ڕاوبۆچوونی جیاواز لەبارەی هاوڕەگەزبازی و سروشتی ئەو جۆرە پەیوەندیە لەئارادایە، زۆرجار ڕاڤەکردنەکان لەوبارەیەوە لە پێکدادان و تێکەڵاویدان بەگوێرەی ئەو ئاڕاستە و دەسپێکە تیۆرییەی ئەو توێژەرانەی لەو بوارەدا ئەکۆڵنەوە. هەروەها لەدەرئەنجامی پاڵەنەرە تایبەتییەکانی هاوڕەگەزبازەکان و ئەو بارودۆخەی کە کاریگەری هەیە بەسەر حاڵەتە جیاجیاکان و پلەی پەیوەندی نێوان هەردوو لای هاوڕەگەزبازی. هەندێک لەو ڕاڤەکردنانە پشت ئەبەستن بەبنەما فیسیۆلۆجی و گۆڕانکاری لەهۆرمۆنەکاندا و هەندێکی تریان لەسەر بنەمای سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە ئەگرن (وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە). کۆمەڵەی سایکۆلۆجی ئەمریکی APA لە پێشاندا هاوڕەگەزبازی بە شڵەژانی دەروونییەوە گرێئەدا، بەڵام لە ساڵی 1973 وە ئەو کۆمەڵەیە هاوڕەگەز بازی لە ڕێنمایی دەستنیشانکردن و ئاماری شڵەژانە ئەقڵییەکان (DSMIVR) دا دەرکرد و داوای لە دەروناسان کرد کە چیتر هەڵنەسن بە چارەسەری دەروونی بۆ ئەو هاوڕەگەزبازانەی خوازیاری گۆڕینی ئاڕاستە سەکسییەکانیانن، چونکە ئەو کۆمەڵەیە پێوایە کە ئەو جۆرە کاری چارسەریە بێهودەیە.

ماویەتی...